

# ئاگاداری چاویلکە سیخوڕییەکان بن

ئەگەر یەکێك بە وردی بە چاویلکەکەی سەیری دەوروبەری کرد، سەرنجی بدەیە ئایا هیچ کامێرایەك بە چاویلکەکەوە نییە، چونکە چاویلکە لەم سەردەمەدا هەر ئەرکی دیتنی نییە بگرە وەك کامێرایەکی سیخوڕی لێهاتووە. نموونەکەی چاویلکەی جۆری P720 کە لە پێشەوەی کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوە هەیە. لە شوێنی لۆگۆی کۆمپانیاکەش دوگمەی پێکردنی هەڵگرتنەوەی فیلم دانراوە. هەروەها دەکرێ بە ریمۆت کۆنترۆڵیش ئەرکەکان جێبەجێ بکەی. میمۆرییەکی 8 گیگابایتی لەسەرە کە دەکرێ زیاتر لە هەشت کاتژمێر فیلم هەڵبگرێتەوە. چاویلکەکە راستەوخۆ دەتوانێت وێنەکان بۆ مۆبایل یان ئەنتەرنێت بگوازێتەوە.

# پرۆگرامێك بۆ خەیاڵی کردنی وێنەکان



کۆمپیوتەر و کامێرای دیجیتالی لە زۆربەی ماڵەکاندا دەبیندرێن، تەنانەت ئەوانەی کە پێویستییەکی ئەوتۆشیان بە کۆمپیوتەر نییە لەماڵەوە هەیانە. بە کامێرایەکی دیجیتال و کۆمپیوتەرێك و پرۆگرامێکی تایبەت بە وێنە دەتوانی جوانترین ئەلبۆمی دیجیتالی دروست بکەی. گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالییە. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Photo cool makerە، کە بەهۆی ئەو دیزاینە ئامادەکراوانەی کە لە پرۆگرامەکەدا هەن، تەنیا بە چەند کلیکێك دەتوانی وێنەکەت بکەی بە وێنەیەکی جوان و سەرنج راکێش. پرۆگرامەکە لەگەڵ زۆربەی فۆرماتەکان دەگونجێت، بە ئاسانی سوودی لێوەردەگیرێت. دروستکردنی کارتی بازرگانی و کارتی شەخسی بە ئاسانی بەو پرۆگرامە جێبەجێ دەبێت، بوونی دەیان ئێفێکتی سەرنج راکێش لەم پرۆگرامەدا هەن.

# ئەوەی پێویستە لە بارەی windows8ەوە بیزانی

زۆر لەمێژ نییە ویندۆز 7 لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە هاتۆتە بەرهەم، ویندۆز 7 بە بەراورد بە ویندۆزەکانی پێش خۆی کەمترین تەمەنی هەبووە، ئەگەرچی باشترینیشیان بووە. ویندۆز 8 کە بڕیار وایە لە سەرەتای ساڵی 2012 بێتە بازاڕ، لە ویندۆز 7 پێشکەوتووترە. ئەم ویندۆزە گەورەترین جیاوازی ئەوەیە کە لەگەڵ گشت کۆمپیوتەرێکدا دەگونجێت، لەگەڵ شاشە هەستیارەکاندا هیچ کێشەی نییە. لەویندۆز 8 دا مینۆی Start بەتەواوی گۆڕاوە، زانیارییە سەرەتایەکانی وەك نیشاندانی کات، ژمارەی ئیمێلە نەخوێندراوەکان .. تاد لەسەر شاشەکە نیشان دەدات. پرۆگرامی نیشاندانی کەش و هەوای لەسەرە کە کەش هەوای 5 ڕۆژی ناوچەکە نیشان دەدات.



# کامێرایە نوێیەکەی سۆنی بۆ کامێرەڤانی پیشەیی




کامێرای دیجیتالی ئەو کەسانەی کە ئەرکی وێنەگرتنیان هەیە و پیشەیین وەك رۆژنامەنووسانی فۆتۆگراف و هەروەها وێنەگرە پیشەییەکان جیاوازە لەگەڵ کامێرایەکی ئاسایی. کۆمپانیای سۆنی رایگەیاند لەم دواییانەدا کەمکێشترین و باریکترین کامێرایی پیشەیی بەرهەم هێناوە کامێرای NEX-C3 لێنزەکەی بە ئاسانی دەگۆڕدرێت. تایبەتمەییەکانی کامێراکە لەم چەند خاڵەدایە: 16 میگاپیکسل کوالیتی وێنەکانیەتی، توانای فیلم هەڵگرتنەوەی بە کوالیتی HD هەیە. کێشی ئەم کامێرا نوێیە تا رادەیەك کەمە. توانای دانانی ئێفێکتی لە کاتی فیلم هەڵگرتنەوەدا هەیە. تەنانەت دەتوانی بە هۆی یەکێك لە ئیفێکتەکانی خاڵ و پەڵەی سەردەم و چاو لەکاتی وێنەگرتندا لابەری.

## ئەو راوتەرەی ئەنتەرنێت دەکات بە وایەرلەیس

ئامێرێکی نوێ کەوتۆتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە کە بەهۆیەوە دەکرێت گشت هێڵێکی USB وەك تارین نێت و رێبەر و ڤیگۆ.. تاد. بکەی بە وایەرلەیس. ئەم ئامێرە لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای Topelenk، راوتەرەکە دەتوانێت چەندین لاپتۆپ بەیەك هێڵی ئەنتەرنێت ببەستێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ماڵەکاندا تەنیا لە یەك هێڵی ئەنتەرنێت چەندین کۆمپیوتەر سوودی لێوەربگرن. هەروەها دەتوانی پاسۆرد و ئەدمین بۆ کۆمپیوتەرەکان دابندرێت و جگە لەو کۆمپیوتەرانەی کە بە ئامێرەکەت ناساندوون هیچ کۆمپیوتەرێکی دیکە هێڵێکی بۆ نەکرێتەوە. هەروەها دەتوانن ئەو مۆبایلانەی سیستەمی وای فایان هەیە و هەروەها ئایپادیش لەم ئامێرە سوود وەربگرن.





### هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێك دەپرسێت چۆن کۆمپیوتەرەکەم لە دزەکردنی هاککەرەکان بپارێزم؟

جیهانی ئەنتەرنێت زۆر فراوانە، بەقەدەر ئەم فراوانییەش تێکدەرانی ئەنتەرنێت و دزەکەرانی زانیاری و داتاکانتان لە بۆسەدان.. سەدان بۆسەیان داناوە هەر کە لینکی سایتێکت کردەوە کە سەر بەوان بێت ئیدی کۆمپیوتەرەکە ئەگەر تێکیش نەدرێت زانیارییەکانی ناوی دەدزرێن.. بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکەت لە سیخوڕانی ئەنتەرنێت پێویستە ئەم هەنگاوانە بگریە بەر، سەرەتا لە کۆنترۆڵ پەناڵ کلیك بکە و پاشان فەرمانی windows firewall دابگرە و پاشان کلیك لەسەر ئەکتیف کردنی دیواری پارێزگاری بکە بەم شێوەیە Turn Windows firewall on or off دواتر کلیك لەسەر فەرمانی چاککردنەوە بکە و ئیدی ویندۆزەکە دەست دەکات بە چاکردنی دیواری پارێزگاری کردن، بەڵام دەبێ لە کاتی جێبەجێکردندا ئەنتەرنێت کراوە بێت.

# تەکنەلۆژیای نوێ لە جیهانی یاری ئەلکترۆنیدا

**گەمەی ئەلکترۆنی پانتاییەکی بەرفرەی لە جیهانی دیجیتالیدا گرتووە، بۆ ئەوانەی کە لە دەیەی نەوەدەکاندا دەژیان لە جیهانی گەمەدا، جگە لە "ئاتاری" هیچ ئامرازێکی دیکە نەبوو مەگەر لە کۆمپیوتەردا کە هەندێك یاری هەبوون ئەویش زۆر سەرەتایی بوون، بەڵام لە سەرەتای ساڵی 2000دا ئامرازە نوێیەکان دەرکەوتن وەك پلەی ستەیشن 1 و بەدوای ئەودا پلەی 2 و دواتر سێ و دواتر ئامێری نینتدۆ..تاد.. لە فایلی ئایتی ئەمجارەدا بە پێویستمان زانی چەند ئامێرێکی نوێی بواری گەمەی ئەلکترۆنیتان پێ بناسێنین.**

## ئامێری onlive ئەزموونێکی نوێ بۆ یاری دیجیتالی



لەسەرەتادا پێویستە روونکردنەوەیەك لەسەر ئامێری onlive بدەین، ئامێری ناوبراو لەراستیدا ئامێرێکە بۆ یاری ئەلکترۆنی بەڵام لە رێگای ئەنتەرنێتەوە، ئەو ئامێرە بە سیستەمی کۆمپیوتەری جۆری ماك و هەروەها ویندۆز و ئامێرەکانی ئایپاد و PS پەیوەند دەدرێت، گشت کرداری یارییەکە بەهۆی ئەو ئامێرەوە ئەنجام دەدرێت. دەسکی گەمەی ئەو ئامێرە زۆر وەك ئامێری ئیکس بۆکس 360ە، ئامێرەکە زۆر بچوکە و بۆ راگواستن زۆر ئاسانە. نوێترین ئامێری onlive گۆڕانکارییەکی نوێی بەسەرداهات بەجۆرێك دەکرێت کە لە تەلەڤزیۆنی HDیش بخرێت

## Wii U وەک نوێترین ئامێری نینتدۆ هاتە بەرهەم

ئامێری نیتندۆ ماوەیەکی زۆر نییە وەك ئامێرێکی بواری یاری ئەلکترۆنی جێگای خۆی کردۆتەوە. دەسکی گەمەی ئەو یارییە خۆی شاشەیەکی 2.6 ئینجی لەسەرە و خاوەنی مایکرۆ فۆن و ژیرسکۆپ و کۆنترۆڵی چوار لایەنەکەیە. ئەم دەسکی گەمەیە لەگەڵ ئامێرە هاوشێوەکانی کە تا ئێستا بەرهەم هاتوون جیاوازە، کۆمپانیای نینتدۆ رایگەیاند کە داهێنانێکی نوێ لە بواری دەسکی گەمەی ئەلکترۆنیدا کردووە. لەم دەسکی گەمەیەدا کامێرایەکی لە پێشەوە هەیە و هەروەها شاشەیەکی لەمسیشی هەیە. ئەوەی بۆ یەکەمجار دەیبینی وا هەست دەکات ئەوە ئامێری مۆبایلە.





## تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی تایبەت بە یاری

کۆمپانیای سۆنی بەڵینی ئەوەیدا بە داهێنانە نوێیەکە کە TVیەکی سێ رەهەندییە گۆڕانکاری لە جیهانی یاری ئەلکترۆنیدا پێك بێنێ، تەلەڤزیۆنە سێ رەهەندییەکە 24 گرێیە، جگە لەوەی کە تەلەڤزیۆنە ئامێری پێویستی یاری پلەی ستەیشینی لەسەرە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لەو تەلەڤزیۆنەدا کە دوو چاویلکەی تایبەتی لەگەڵدایە، بۆ هەر کام لەوانەی یاری دەکەن دوو دیمەنی لێك جیا نیشان دەدات. بە جۆرێك کە هیچ کام دیمەنی ئەوی تر نابینن. بۆ ئەوەی کە لە یارییەکەدا فێڵ نەکرێت.

# ئاگادارییەک لە کۆمپانیای گوگڵەوە

کۆمپانیای گوگل رایگەیاند کە لەمەولا گشت خزمەتگوزارییەکانی لە ڤێرژنە کۆنەکانی ئەو پرۆگرامانەی کە ئەرکی کردنەوەی سایتەکانی ئەنتەرنێتیان هەیە وەك ئیکسپلۆرێر و "فایر فۆکس و سافاری" رادەگرێت، نەتەنیا هەر کۆمپانیای گوگل بگرە زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی کە خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بڵاو دەکەنەوە، کۆنتاکتیان لەگەڵ ئەم ڤێرژنانەی ئاماژەمان پێدان نامێنێ. لەسەرەتای مانگی 7دا پرۆگرامەکانی وەك internet explorer7, firfox3.5, safari خزمەتگوزارییەکانیان رادەگیرێن... ئەو کەسانەی کە هێشتاش بەم پرۆگرامانە ئەنتەرنێت دەکەنەوە دەبێ ئاگادار بن کە نە تەنیا گوگل بەڵکو سایتەکانی دیکەش خزمەتگوزارییەکانی خۆیان لەم پرۆگرامانەدا رادەگرن. هەربۆیە بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت ئەگەر هێشتاش بەم پرۆگرامانەی ئاماژەمان پێدان ئەنتەرنێت دەکەنەوە دەبێ بزانن لە خزمەتگوزارییەکانی وەك گوگل تاك، گوگل دۆك و ناردنی جیمەیل تووشی گرفت دەبن..






# ئایا پێشتر ئەم زانیاریانەت دەزانی؟

ئەوانەی کە شارەزاییەکی زۆریان لەسەر کۆمپیوتەر هەیە، لەبری ئەوەی کە فەرمانەکان بە ماوس جێبەجێ بکەن، بە لێدانی چەند دوگمەیەك فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن وەك: داگرتنی دوگمەی C+ctrl بە مانای کۆپی کردن. پێویستە فەرمانەکانی ئەم چەند دوگمەیەش بزانن.

- ئایا دەزانن بە داگرتنی دوگمەکانی Ctrl+Shift+N لە ویندۆز7دا فۆلدەرێکی نوێ دروست دەبێت؟

- ئایا دەزانن بە داگرتنی Ctrl+Shift+T لە پرۆگرامەکانی کردنەوەی ئەنتەرنێتدا ئەو لاپەڕەی کە داتخستووە دەکرێتەوە.

- ئایا دەزانن لە فەیسبووکدا هەرکە دوگمەی Alt+1 دابگرن دەتوانن لاپەڕەی News feed بکەنەوەو بە داگرتنی دوگمەی Alt+2 راستەوخۆ پرۆفایلەکەتان دەکرێتەوە.

- ئایا دەزانن پاش نووسینی ئیمێڵەکەت لە Gmail دا، لەبری داگرتنی فەرمانی Send دوو دوگمەی Tab+Enter دابگرن ئیمێڵەکەتان دەنێردرێ.

# گوندەکەت لەم یارییەدا ئاوەدان بکەوە




لە یاری خۆش و سەرنج راکێشی Youda frmer گەمەکەر وەك جوتیارێکی چالاکی لێدێت کە ئەرکی ئەوەیە کە گوندە وێرانەکەی بە باشی بکاتە گوندێکی ئاوەدان و خۆش. لەو یارییە سەرنج راکێشەدا کە هەر چوار وەرزی ساڵ دەبینندرێن، پازێڵێکی سەرەتایی ئامادە کراوە کە دوای ئەوەی کە لە قۆناغی پازێڵەکان تێپەڕبووی، نەخشەی گوندە دەر دەکەوێت. کات و خێرایی لەو یارییەدا زۆر گرنگە چونکە گەمەکەر دەبێ لە کورتترین ماوەدا خواردن بۆ کرێکارەکان ئامادە بکات تاکو بتوانن بەدارەکانیان خانووەکان نۆژەن کەنەوە. یارییەکە مۆسیقایەکی خۆشی تێدایە.